ئەگەر داوەت بکرێم (بۆ ژەمێک) ساقێک یان ڕانێکی (ئاژەڵی) تێدا بێت؛ ئەوا وەڵام دەدایەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر داوەت بکرێم (بۆ ژەمێک) ساقێک* یان ڕانێکی** (ئاژەڵی) تێدا بێت؛ ئەوا وەڵام دەدایەوە، ئەگەر ساقێک یان ڕانێک وەکو دیاری پێم ببەخشرێت؛ ئەوا وەریدەگرم». *(ساق: مەبەست بەشی خوارەوەی ئەژنۆی ئاژەڵی مەڕومااڵتە هەتاوەکو پێیەکانی لە زمانی عەرەبیدا پێی دەووترێت: کُرَاعٍ)، **(ڕان: مەبەست ئەوەی لەسەرەوەی ساق وئەژنۆی ئاژەڵی مەڕومااڵتە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەووترێت: ذِرَاعٌ)

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرمووەیە بەڵگەیە لەسەر ڕەوشت جوانی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وهەروەها سادە بوونی وڕەچاوکردنی هەست وسۆزی خەڵکی، وبەڵگەیە لەسەر دروست بوونی قبوڵکردنی دیاری ئەگەرچیش کەم بێت، وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی داوەتیت دەکات بۆ ماڵەکەی ئەگەرچیش داوەتیەکە بۆ شتێکی کەم بێت؛ چونکە مەبەست وەڵامدانەوەی دیاری وقبوڵکردنی داوەتیکردنە بۆئەوەی میواندار دڵخۆش بێت وخۆشەویستی وهاوڕێیەتی بەردەوام بێت، وڕازی نەبوون بە بێ هیچ هۆکارێک ڕق ودوژمنایەتی ودووربوون دروستدەکات. ولێرەدا باسی ساق* وڕانی** کردووە؛ بۆئەوەی کەمترین وباشترین پێکەوە کۆ بکاتەوە، وئەو بەشەی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- زیاتر حەزی لێبوو بریتی بوو لە ڕانی ئاژەڵەکە، وبەشی ساقی ئاژەڵ گۆشتێکی ئەوتۆی پێوە نییە وسوودی زۆر کەمترە. *(ساق: مەبەست بەشی خوارەوەی ئەژنۆی ئاژەڵی مەڕومااڵتە هەتاوەکو پێیەکانی لە زمانی عەرەبیدا پێی دەووترێت: کُرَاعٍ)، **(ڕان: مەبەست ئەوەی لەسەرەوەی ساق وئەژنۆی ئاژەڵی مەڕومااڵتە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەووترێت: ذِرَاعٌ)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6216